ئـەم بڵاوکـراوەیەی خـوارەوە کـورتەی وەرگـێڕدراوی ئـەو نامەکـراوەیەیە کـە {ڕێکخـراوی خوێـندکارانی سۆسیالیسـتی کورد لە ئەورووپا - سۆکسە } بە زمانی ئاڵمانی ئاڕاستەی بەرپرسە حکومی و پارتە سیاسی و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کردووە لە ئەڵمانیادا, بە بۆنەی هەڵوێستی نەرێتی و نادیاریانەوە لەمەسەلەی شەڕ و ئاشـتیی ئـەم تەنگەژەیـەی ئێسـتا عێـراق بـە سـەدام و ڕژێمەکەیـەوە بۆ هەموو جیهانی دروسـتکردووە . لـە ڕاسـتیدا پێشـنیازکرا کـە ئـەم کـارە و زۆر چالاکیـی دیکـەش لەگـەڵ هێـز و لایەنـە کوردی و کوردستانییەکاندا بە هاوبەش بیانکەین ، وەلـێ مـەخابن لەبـەر هـەر هـۆیەک بێـت !!! دیـارە هەمـوو هـۆکان هـەرچی بـن کـوردایەتی نـین ، وا هیـچ لایـەک ئامادەیـیان نیشان نەدا . ئێمە مەبەستمان بوو هەڵوێسـتی یەکگـرتوویی کـورد بـە هەمـوو پرسـتیژی و ڕەهەندەکانییـەوە نیشـان بـدەین . ئـیدی سـاتێ بێدەنگی بـووە دروشـم و باوەڕی لایەنەکان لەم هەلومەرجە هـەرە ناسـک و پڕاوپڕ لە قسە و باسەدا ، ئێمە بەم نامە کراوەیە ، نووزەی خۆمان دەربڕی و تۆماری هەڵوێستی خۆمان کرد و بەگژاچوونەوەی پڕوپاگەندەی نابەجێ و سڕینەوەی تارمایـی گومان و بەشداری لە ڕۆشنایی خستنە سەر مەسەلەکەمان بە پێویست زانی .

نامەیەکی کراوە

بەڕێز شرۆیدەر ، راوێژکاریئەڵمانیا !

بەڕێز تیـــرزە ، سەرۆکی پەرلەمانی ئەڵمانیا !

بەڕێز فیشـــەر ، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا !

بۆ هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسی و دیموکراتی و مرۆڤدۆست و ئاشتیخوازەکانی ئەڵمانیا !

بۆ رای گشـــتیی ئەڵمانیا و جیهـــان

شـەڕ لەمـێژە مرۆڤـایەتی نەفـرەتی لێکـردووە ، چـونکە زۆربـەی کات نە هۆکارێکی رەوا و نە چارەســەر بـووە. لـەم دیدەوە هەرچی بگوترێت و بکرێت لە پێناوی ئاشتی و ئازادیی مرۆڤدا هەر کەمە و چەند دژ بە شەڕ بوەستینەوە هێندە دڵسۆزانە درێژە بە خەبات بۆ خزمەتی ئاشتی دەدەین. بەڵام ( شەڕ )یش وەک هەر دیاردەیەک لە یاسای گشتی بەدەر نییە و پەراوێزی ئاوارتە ـ استثنائی تێدەکەوێـت . وەک شەڕی دژی نازیزم و فاشیزم لە مێژوودا و شەڕی دژی سیاسەتی بەکۆمەڵکوژی و بەدەرنانی سلۆبۆدان میلۆسەفیچ لە کۆسۆڤۆدا لە دوێنێی نزیکدا .

هەر لەم راستییەوە دەمانەوێت بەرانبەر بە سیاسەت و هەڵوێستی ئێوە لەمەڕ تاوانەکانی سەدام و رژێمەکەیەوە چەند راستییەک بەیان بکەین :

ـ تاوان و کردەوەکانی سەدام و رژێمە خوێناوییەکەی لای کەس شاراوە نییە . رۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەڵمانیا رۆژانە پەردە لەسەر تاوانی نوێی سەدام لادەدەن . سەدام (**5000**) هەزار گوندی کوردی کاولکردووە.... ( **182000** ) هەزار مرۆڤی کوردی ئەنفال کردووە. لەشاری هەڵەبجەدا ( **5000** ) هەزار کەسی کیمیاباران کردووە. (**8**) ساڵ شەڕی دژی ئێران کردووە و پەلاماری کوێتی داو ئێستاش سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسییە بۆ میللەتی کورد و دەوڵەتانی ناوچەکە و هەموو جیهان .

ــ ئاشتی لەگەڵ سەدامدا دەکاتە پشتیوانی لەو رژێمە و درێژکردنەوەی تەمەنی . ئەمەش واتە بەردەوامبوون لەسەر سیاسەتی جینۆساید و پیشێلکردنی مافی مرۆڤ و فەرامۆشکردنی ئازادی و سەربەخۆیی گەلان و نادیموکراتیزەبوونی ناوچەکە ... ئاشکرایە کە ئاشتی لەگەڵ دیکتاتۆردا ئاستەمە بکرێ !. بە واتایەکی تر ئەو هەڵوێستەی ئێوە دەکاتە چاو نوقاندن بەرانبەر بە قڕکردنی میللەتێک .

ــ ئێوە لەکاتێکدا باس لە ئاشتی دەکەن و داوای بەڵگە دەکەن سەبارەت بە چەکە بەکۆمەڵکوژەکانی سەدام ... لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە ساڵەهایەکە سەرباری گەمارۆکەش کارخانەکانی { ئەڵمانی و فەرەنسی و رووسی و ئەمەریکی } خەریکی چەکدارکردنی رژێمەکەی سەدامن . هەر لەم ئەڵمانیایەدا بە هەزاران کوردی هەڵەبجەی بریندارى چەکی کیمیاوی و قوربانی سیاسەتی دڕندانەی سەدام هەن .

ــ گەر عێراق جێی مەترسی نییە ، وەک پێتان وایە ، ئەی بۆ هەموو جیهان خەریکی خۆ ئامادەکردن و خۆپاراستنە لە چەکەکانی ئەتۆم و بایەلۆژی و کیمیاوی سەدام . ئەی ئەوە نییە بە ئێوە و هەموو دنیا هەوڵی پاراستنی [ ئیسرائیل وکوێت و تورکیا ] بەرانبەر بە هەڕەشەو پەلامارەکانی سەدام  دەدەن .

ئێمە ... پێمان وایە چەکداماڵینی عێراق و لابردنی رژێمەکەی ئەرکی ئێوە و هەموو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتییە . بۆیە هەڵوێستی رەسمی ئێوە لای نەتەوەی کوردی سیڤیل و بێ پشتیوان زۆر بە سەرنج و گومانەوە وەردەگیرێت . عێراقە سەرچاوەی قەیرانە سیاسییەکە بۆ ئێمە و هەموو جیهان ... ئەوەتا بە بەرچاوی ئێوە و جیهانەوە بەدەیان بڕیاری  نەتەوە یەکگرتووەکان پێشێل دەکات و هەر خەریکی فرت و فێڵ و درۆکردن و یاری مشک و پشیلەیە لەگەڵ مرۆڤایەتیدا .

نەتەوەی کورد ، ساڵەهایەکە لە خەباتدایە و قوربانی یەکەمی دەستی دەوڵەتانی تیرۆریست و سیاسەتی دیکتاتۆرانەیە . ئێوەش خۆتان بە دۆستی ئەم پرسە رەوایە دادەنێن و داکۆکی لە

میللەتانی بندەست دەکەن و تێدەکۆشن بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی لە جیهاندا . بۆیە ئێمە داواکارین:

- هەموو شێوازێک بخرێتە گەڕ بۆ لابردنی سەدام و رژێمەکەی و دادگاییکردنی تاوانباران ، لە پێناوی بەرقەراربوونی ئاشتی و دیموکراسی لە ناوچەکەدا . کە لە سایەیدا نەتەوەی کوردیش چارەسەری کێشە رەوا سیاسی ـ نەتەوەییەکەی بکرێ و بە مافە رەواکانی خۆی بگات . چونکە بێ چارەسەرکردنی دۆزی کورد ، مەحاڵە هیچ ئاشتی و ئاسایشێک لە ناوچەکە و جیهاندا بێتە کایەوە ... لەم دیدەوە هەوڵی جدی ئێوە لامان گەلێ لە بەرچاوگیراو و حساب بۆکراو دەبێت .
- چی دیکە کۆمەکی سەربازی و ئابووری ئەو رژێم و دەوڵەتانە مەکەن کە دژ بە مرۆڤایەتی بەکاریان دێنن . (تورکیا ، ئێران ، ئێراق و سوریا ) لەم رووەوە دۆسییەکەیان رەش و پڕ لە تاوانە . وە سزای ئەو کارخانانە بدرێت کە چەکیان بە عێراق فرۆشتووە .
- قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی لە میللەتی کورد گەیشتووە بە هۆی بەکارهێنانی گازی ژاراوی و چەکی کیمیاوی و بایەلۆژیی ئەڵمانییەوە .

## رێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورووپا ـ سۆکسە

**رەشەمێی 2703 – فێبریوەریی 2003**

**SOKSE**
**Postfach 100673**
**10 566 Berlin**
**Germany**